باڵێزخانەی ئەمەریکا هۆشداری دەداتە هاوڵاتیانی ئەمەریکی لە لوبنان

باڵێزخانەی ئەمەریکا لە بەیروتی پایتەختی وڵاتی لوبنان داوای لە هاوڵاتیانی ئەمەریکی کرد وریابن و چاودێری پێشهاتەکان بکەن کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر ئاسایشی ناوخۆ هەبێت لەکاتێکدا ئیسرائیل و گرووپی چەکداری حیزبوڵلای لوبنانی بەردەوامن لە ئاوگڕکردنی هەرشەکان.

باڵێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەمە شمەم ڕایگەیاند، "بەهۆی بەرزبوونەوەی گرژییەکان لە ناوچەکەدا، ژینگەی ئاسایش هێشتا ئاڵۆز و لەوانەیە بەخێرایی بگۆڕێت، هۆشداری هاوڵاتیانی ئەمەریکی لە لوبنان دەدەین کە خێیان بەدووربگرن لە سنوورەکانی لوبنان و سوریا و لوبنان و ئیسرائیل لە کاتێکدا شەڕی نێوان هێزەکانی ئیسرائیل و ئێران لە ناوچەکەدا بەردەوامە".